**ژیانێکی سەربەخۆتر لەگەڵ هاوکاریی کەسەکیدا.**
ئەگەر بە ڕادەیەکی بەرچاو توانای هەڵسوکەوتت دابەزیوە و ناتوانیت خۆت پێداویستیەکانی ڕۆژانەت بەجێ بگەیێنیت، ئەوا دەکرێت مافی هاوکاریی کەسەکیت هەبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەشێک لە، یان هەموو ڕۆژەکە یارمەتیدەری کەسەکیت دەبێت کە یارمەتیت دەدەن. هاوکارییەکە بە گوێرەی خواست و پێداویستییەکانی تۆ دەبێت و بۆ ئەو مەبەستەیە کە ئەوەندەی دەکرێت و بەو مەرجانەی کە خۆت هەتن، بتوانیت ژیانێکی سەربەخۆ بژیت. ئەگەر دەتەوێت زیاتر بزانیت، خۆشحاڵین بە پۆستی ئەلکترۆنی info@humana.se یان بە ژمارەتەلەفۆنی **00 31 30-020** پەیوەندیمان پێوە بکەیت.

**پێویستیت بە یارمەتی ئێمەیە؟**
بەبێ زانیاریی یاسایی و شارەزایی دەربارەی چۆنێتی بەڕێوەچوونی هاوکاریی کەسەکی، دەشێت سەخت بێت و کاتێکی زۆر بخایەنێت کە بە تەنها لە هەموو یاساو ڕێساو پرۆسەی داواکارییەکە بگەیت. یاساناسە بەتواناکانمان یارمەتیت دەدەن لە داواکاری و پەیوەندیکردنت لەگەڵ دامودەستگاکان و لە کاتی سەردانیان بۆ ماڵەکەت. یارمەتییەکانمان لە بواری یاسادا بەخۆڕاییە.

**کێن ئەوانەی مافی هاوکاریی کەسەکییان هەیە؟**
- کەسانێک کە تەمەنیان لە خوار 65 ساڵەوەیە.
- ئەوانەی کە سەر بە یەکێک لە بازنەی کەسانی 1 تا 3.
- ئەوانەی کە ناتوانن پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خۆیان بەجێ بگەیێنن، بەڵکو پێویستییان بە یارمەتی هەیە لە نانخواردن و چوون بۆ تەوالێت و شتی تردا. هەندێک جار هەر ئەوەندە بەسە کە مرۆڤ یەک پێداویستیی بنەڕەتی هەبێت کە نەتوانێت بەجێی بگەیێنێت بۆ ئەوەی هاوکاری وەربگرێت.

ئەگەر دەتەوێ بزانیت بازنەی کەسانی 1 تا 3 چییە و پێداویستییە بنەڕەتییەکان کامانەن، ئەوا بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی ئەم پرسیارانەت دەدەینەوە. پەیوەندیمان پێوە بکە بە پۆستی ئەلکترۆنی info@humana.se یان بە ژمارەتەلەفۆنی 020.-30 31 00

**هاوکاریی کەسەکی لای هیومانا (Humana)**
هیومانا گەورەترین کۆمپانیایە، لە سویددا، لە بواری هاوکاریی کەسەکیدا و لە سەرانسەری وڵاتەکەدا هەیە. زیاتر لە دە ساڵە کار لەگەڵ هاوکاریی کەسەکیدا، بۆ کەسانێک کە توانای هەڵسوکەوتیان کەمە، دەکەین. گەورەییمان، شارەزاییمان و لێهاتوویمان دڵنیایین بۆ تۆ.

**هۆکارت زۆرن کە ئێمە هەڵبژێریت:**
- خۆت خاوەنی بڕیاریت لە هاوکاریی کەسەکییەکەتدا.
- دەستت بە گەورەترین دەستەی یاساناسانی وڵاتدا دەگات.
- تیمێکی تایبەتی خۆتت دەبێت.
- یارمەتیدەرەکانت ڕادەهێنرێن و مەرجی کارکردنی باشیان دەبێت.
- ئێمە هەڵبژاردنێکی دڵنیایین.

دەتەوێت زیاتر بزانیت؟ پەیوەندیمان پێوە بکە بە پۆستی ئەلکترۆنی info@humana.se یان بە ژمارەتەلەفۆنی **.020-30 31 00**

**دەربارەی هیومانا**
هیومانا گەورەترین کۆمپانیایە لە سویددا لە بواری هاوکاریی کەسەکیدا. بوارەکانی تری کاروبارەکانمان بریتین لە، نشینگە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، چاودێریی بەساڵاچووان، چاودێریی تاک و خێزان و خوێندنگا بۆ خوێندکارانێک کە توانای هەڵسوکەوتیان کەمە. 8000 کارمەندمان هەیە لە سەرانسەری وڵاتدا کە بە هەمان تێڕوانینەوە کار دەکەن. هەمووان مافی ژیانێکی باشیان هەیە.

**خۆشحاڵین بە پەیوەندیکردنت بە یەکێک لە زانیاریدەرەکانمانەوە، تەلەفۆن بکە بۆ بەدالە 00 31 30-020 و ئەوانیش پەیوەندیت لەگەڵ کەسێکی شیاودا بۆ ڕێک دەخەن. کارمەندەکانمان بە چەند زمانێک قسە دەکەن.**

Humana